M12/1/A1KUR/SP1/KUR/TZ0/XX

22120555

International Baccalaureate®
Baccalauréat International
Bachillerato Internacional

**KURDISH A1 – STANDARD LEVEL – PAPER 1**
**KURDE A1 – NIVEAU MOYEN – ÉPREUVE 1**
**KURDO A1 – NIVEL MEDIO – PRUEBA 1**

Thursday 10 May 2012 (morning)
Jeudi 10 mai 2012 (matin)
Jueves 10 de mayo de 2012 (mañana)

1 hour 30 minutes / 1 heure 30 minutes / 1 hora 30 minutos

INSTRUCTIONS TO CANDIDATES

- Do not open this examination paper until instructed to do so.
- Write a commentary on one passage only. It is not compulsory for you to respond directly to the guiding questions provided. However, you may use them if you wish.
- The maximum mark for this examination paper is *[25 marks]*.

INSTRUCTIONS DESTINÉES AUX CANDIDATS

- N'ouvrez pas cette épreuve avant d'y être autorisé(e).
- Rédigez un commentaire sur un seul des passages. Le commentaire ne doit pas nécessairement répondre aux questions d'orientation fournies. Vous pouvez toutefois les utiliser si vous le désirez.
- Le nombre maximum de points pour cette épreuve d'examen est *[25 points]*.

INSTRUCCIONES PARA LOS ALUMNOS

- No abra esta prueba hasta que se lo autoricen.
- Escriba un comentario sobre un solo fragmento. No es obligatorio responder directamente a las preguntas que se ofrecen a modo de guía. Sin embargo, puede usarlas si lo desea.
- La puntuación máxima para esta prueba de examen es *[25 puntos]*.


© International Baccalaureate Organization 2012

دەربارەی **یەکێک** لەمانەی خوارەوە بنووسە:

**.1**

## سەربازی وون

کە وەفدێ، دەچێتە شوێنێ،
بۆ سەر گۆڕی سەربازی وون، تاجە گوڵینەیەک دێنێ.
ئەگەر سبەی
وەفدێک بێتە وڵاتی من
لێم بپرسێ
کوانێ گۆڕی سەربازی وون
دەڵێم گەورەم
لە کەناری هەر جۆگەیەیێ
لە سەر سەکۆی هەر مزگەوتێ
لە بەر دەرگای هەر ماڵێ
هەر کەنیسەیێ
هەر ئەشکەوتێ
لە سەر گابەردی هەر شاخێ
لە سەر درەختی هەرباخێ
لەم وڵاتە
لە سەر هەر بستە زەمینێ
لەژێر هەر گەزە ئاسمانێ
مەترسە! کەمێک سەر داخە و
تاجە گوڵینەکەت دانێ!

عەبدوڵا پەشێو، سەرچاوە : دیوانی بەرە و زەردەپەڕ، 2001

– بۆچوونی خۆتان سەبارەت بەئەوەی کە لەم شیعرەدا گۆڕی سەربازی وون چۆن وێنا کراوە دەرببڕن.

– سەبارەت بە دیمەن لەم شیعرە دا چ دەکرێ بگوترێ؟

– بۆچونی خۆتان لەسەر بابەتی ئەم شیعرە و شیوەی پێشکێش کردنی دەرببڕن.

**.2**

من پێم وانەبو بینینی فەرهاد تا ئەو رادەیە دایچڵەکێنێ و ئازادی بدات. رەنگە چونکە من خۆم ساڵانێک لەگەڵی ژیابوم و خوم پێگرتبوو. خووم بە فەرهاد گرتبوو. بەڵام ئەو... ئەو لە هەموو ساڵانی غوربەت و ئاوارەییدا ترسابوو شتێک یان کەسێک ونبکا. چی یان کێ؟ نەیدەزانی. ئەوەندەی دەزانی کە دەبێت هەموو ژیان و هەمو بیرەوەرییەکانی رابردوی بۆ خۆی رابگرێ. هەموو خەون و ئاوات و... هەموو ئەو کەسانە کە کەسی رابردووی بوون. ترسابوو فەرامۆشیان بکا. وەک فەرهاد کە هەمو شت و هەموو کەسی فەرامۆش کردبو. تەنانەت خۆشی فەرامۆش کردبوو. ئەو چاوەڕوانیی نەدەکرد فەرهاد وەها پیاوێک بێ. گوتبووی: ”ئەگەر بمزانیایە فەرهاد وەها پیاوێکە هەرگیز بڕیاری نووسینە چیرۆکەم نەدەدا.“ بە رق و تووڕەییەوە گوتبوی. گوتبوی: ”تۆ دەبوو بە منت بگوتایە ئەو بیرەوەرییە پچڕپچڕ و پارچەپارچانە کە لە زەینی مندا کەڵەکە بوون، بەشێك لە رابردووی پیاوێکن کە خۆی فەرامۆشی کردوون. دەبو لە یەکەم رۆژەوە بە منت بگوتایە.“ یەکەم رۆژ؟ مەبەستی ئەو رۆژە بو کە یەکترمان دیبوو. ئەو رۆژە کە لە یەکتر ئاشکرابوبووین. سەرەتا وەک دو کەسی لە یەک نامۆ و نەناسیاو رووبەڕووی یەکتر بووینەوە. دوو کەس لە دوو دنیا جیاواز. دوو کەس لە دوو زمانی جیاواز، دوو کەس لە دوو چیرۆکی... گوتبووم: ”من دەمەوێ چیرۆکی تۆ بنووسم.“ داچڵەکیبوو. گوتبووی: ”چیرۆکی من؟“ گوتبوم: ”چیرۆکی میهرەبان. پیاوێک کە دوا ساڵانێک غوربەت و دووری گەڕاوەتەوە و...“ نەیهێشتبوو قسەکەم تەواوبکەم. گوتبووی: ”من گەڕاومەتەوە چیرۆکی کەسێکی تر بنووسم. چیرۆکی...“ گوتبوم: ”فەرهاد؟“ بیریکردبووە. ساڵانێک بوو حەزی کردبوو چیرۆکی فەرهاد بنووسێ. گوتبووی: ”تۆ فەرهاد دەناسی؟“

عەتا نەهایی، باڵندەکانی دەم با، 2002

– گێڕەڕەوەی ریوایەتەکە چۆن سەرنج بەرەو نیشانە هەرە تایبەتییەکانی فەرهاد رادەکێشێ؟

– تێکینیکە ئەدەبییەکان لەم بڕگەیە دا شی بکەنەوە.

– بۆچوونی خۆتان لە سەر بابەتی ئەم بڕگەیە و شێوەی پێشکەش کردنی دەرببڕن.